# چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

## کۆمۆنیزم دەبێ هەمیشە کاری خۆی بکات، ئەمە فاکتەرێکی زۆر مهمە بۆ هاتنە ناوەوەی لە ناکاوی شۆڕش

ئامادەکردنی: جبار محسن

لە دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی

- پێت وایە کە پێویستە یادی لێنین بکرێتەوە؟ وە بۆچی؟

ڕێبوار ئەحمەد: کاتێک دەڵێن ئایا پێویستە یادی لنین بکرێتەوە؟ دەکرێ لەم پرسیارە تێگەیشتنی جۆراوجۆر بکرێت، بۆ نمونە یادێکی عاتفی لە لنین وەکو شخسیک یان شخسیەتێک و ڕابەرێکی شۆڕشگێر کە دەورێکی گەورەی بینیوە لە خەباتی بۆ ئازادی بەشەریەت، لەلایەن هاوبیران و کەسانێکەوە کە لینینیان خۆش دەوێ. ئەمە کارێکە دەتوانرێ بکرێت، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی وەکو پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باسی لێوە بکرێت.

بەڵام دەکرێت مەبەست لە یادی لنین، کەمپینێکی سیاسی بێت بۆ ناساندنی بیروباوەڕو بۆچون و دەرس و تەجروبەو ڕێبازی شۆرشگێڕانەی لنین و لنینیزم بە مەبەستی بەردەوامی پێدان و پەرەپێدانی ئەو ڕێبازە. بۆ ئەمەیان بەبڕوای من ناوبردنی بە یادی لنین پربەپێست و دەقیق نیە. بۆ نمونە ئێستا ڕەوتی ئێمە لە عیراق و لە ئیران کەمپینێکی ساڵانەیی یەک هەفتەیی هەیە بە ناوی هەفتەی منسور حکمت. ئەم هەفتەیە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نییە کە دۆستان و یارویاوەرانی منسور حکمت لەدەوری یەکتر کۆبنەوەو یادێک لە کەسێکی خۆشەویستی خۆیان بکەنەوە، بەڵکو مەبەست و ناوەرۆکەکەی بریتیە لە کەمپینێک بۆ ناساندنی تیئوری و بیروباوەڕو باس و داهێنانەکانی منسور حکمت و حیکمەتیزم بە دنیای هاوچەرخ.

هەڵبەت مەسەلەکە بە نسبەت لینینەوە جیاوازی هەیە. لنین و لنینیزم لە ئاستێکی زۆر فراوانی جیهانیدا ناسراوە، ئەگەر کەسێک نەیناسێ جێگای سەرسوڕمانە. بەڵام خودی ئەم ناسینە بەشێکە لە مەسەلەکە، چونکە بەشێکی خەڵکی دنیا لنین و لنینیزم وەکو ڕەمزو ڕابەری خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی ئینسانیەت و ڕزگاری چەوساوەکان و جەسارەتی وەستانەوە بەرامبەر بە چەوسێنەران دەناسێت، بەڵام بەشێکی تری خەڵکی دنیا  بە زەبری تۆپبارانی پروپاگەندەی بورژوازی، لنین و لنینیزم وەکو ئاشوبگێڕی و شەڕانگێزی و تەنانەت دکتاتۆریەت و سەرکوتی سیاسی دەناسن. بەشێکی تر تەنانەت لەوانەی کە خۆیان بە ناوی لنین و لینیزمەوە هەڵواسیوە، ناوەرۆکی لینیزمیان گۆڕیوە بۆ شتێکی دژ بە خۆی و لە ژێر ئەو ناوەدا لە دژی لینینزم کاریان کردووە کۆنەپەرستانەترین و سەکوتگەرترین سیستەمی سیاسیان بەرپاکردووە کۆنەپەرستانەترین جوڵانەوەیان بەرێخستوە، خودی بلۆکی شەرق و جۆرەها ڕەوتی بەناو چەپ  کۆمۆنیست و سۆسیالیست لە ئاستی دنیادا نمونەی ئەمەن.

 لەلایەکی تریشەوە ئەو حەقیقەتە هەیە کە ئەو شۆڕشەی کە لنینیزمی دا بە گوێی هەموو جیهاندا، بە نیوە ناچڵی و لە نیوەی ڕێگادا پێش ئەوەی بەسەرکەوتنی یەکجاری بگات، بە شکست کێشرا. ئەمەش بەهانەو خاڵێکی لاوازی لینینزمە بە دەست دوژمنانی کۆمۆنیزمەوە بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمی لنین و لنینیزم وەکو خەون و خەیاڵێک کە بەدی نایەت و سەرناکەوێت، یان وەکو تەجروبەیەکی سەرنەکەوتوو لە ڕوانگەی بورژوازیەوە بدەنە بەر نەقد بۆ ئەوەی نەک تەنها تەجروبەکە بەڵکو ناوەرۆکی لینینزم ڕەتبکەنەوە. ئەو یادەی کە باسی دەکەن بە بڕوای من پێویستە بۆ ناساندنی حەقیقەتی لنینیزم و دەرس و تەجروبە شۆرشگێڕانەکانی بە دنیای هاوچەرخ، لە هەمان کاتدا بۆ هەڵسەنگاندنی تەجروبەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ڕوانگەی خودی لنینیزمەوە. لنین شۆڕشێکی گەورەی ڕابەری کردوە کە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی جیهانی پێکهێناوەو سەرجەم هاوکێشەی سیاسی و ئایدۆلۆجی جیهانی لە دەورانێکدا هەڵگێڕاوەتەوە. ئەم جۆرە یادکردنەوەیە لە ڕوانگەیەکی مارکسیستیەوە دەبێ هەمەلایەنە بێت هەم دەسکەوت و خاڵە بەهێزو درەخشانەکانی بەرجەستە بکریت و هەم خاڵە لاوازەکانی دەست نیشانبکرێت و ڕەخنەی کۆمۆنیستی لێبگیرێت. یادکردنەوەیەکی بەم جۆرە ئیلهام دەبەخشیت بە ڕەوتی خەباتی ئێستاو داهاتوو بۆ ڕزگاری چینی کرێکارو بەشەریەتی چەوساوە.

- لێنین هەمیشە سەنگێکی مەحەک بووە بۆ هەڵسەنگاندی زۆرێک لە بوارەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. ئەگەر بە هەمان پێوانە بڕوانینە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چۆن هەڵیدەسەنگێنیت؟

ڕێبوار ئەحمەد: هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ڕوانگەی لینینزمەوە. باسێکی فراوانترە لە قەبارەی ئەم باسەی لێرە خەریکین دەیکەین، بەڵام ئەگەر بە کورتی بڵێم، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە ڕووی بەرنامەو سیاسەت و هەتا تاکتیکەکانیەوە حیزبێکە لەسەر خەتی لینین بەڵام بێگومان لە سەردەمیکی زۆر جیاواز لە سەردەمی خودی لنین.

کۆمۆنیزمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کۆمۆنیزمی لنینە لە دنیای هاوچەرخدا. بە مانای ئەوەی ئەو ئاڵوگۆڕو پەرەسەندنەی کە پێویست بوو لنینیزم لەم سەردەدا بیکات لەو بوارانەدا کە لەسەرەوە ئیشارەم پێکرد، لەم حیزبەدا مسۆگەر بووە، ئەمەش بەڕاستی فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ منسور حکمت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە دەورانێکی سەخت و دژواری جیهانیدا، کە لەژێر کاریگەری شکستی بلۆکی شەرقی ناوبراو بە سۆسیالیزم، گەورەترین حەملەی دژی کۆمۆنیستی بە تایبەتی لە دژی لنین بەرپاکرابوو، لە کاتێکدا کە پەیکەرەکانی لنین لە زۆر جێگای دنیادا تێکدەشکێنران و دەهێنرانە خوارەوە، لە کاتێکدا کە بە لێشاو ئەوانەی پێشتر بە خۆیان دەگوت کۆمۆنیست و پێڕەوانی لینیزم، ناوی کۆمۆنیزم و ئاڵای سورو داس و چەکوشەکانیان وازلێدەهێنا، لەو دەورانە سەختەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە عێراق و لە ئێران ئاڵای لنینیزمیان شەکاوە ڕاگرت و پەیگیرانە بەرگریان لە حەقانیەتی کرد.

هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆمەڵگای عێراقدا لە زۆر مەیداندا سوننەتی لینینزمی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پراتیک و بەرجەستە کردەوەو لینینزمی بردوەتە مەیدانی کێشمەکیشی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ سوننەت و بزووتنەوە کۆنەپەرستانەکانی کۆمەڵگا. هەروەها پێکهێنانی ڕیزی سەربەخۆ و جیاوازی سیاسی و چینایەتی بۆ کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش، نوێنەرایەتی کردنی سیاسی ئەم ڕیزە چینایەتییە سەربەخۆیە، دەخاڵەتگەری سیاسی لە هەموو هەلومەرج و دەورانێکداو دەستەوەستان نەمانەوە، هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە قازانجی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش، وەستانەوە دژی زولم و زۆرو چەوسانەوەو کۆنەپەرستی، تەحەزوبی کۆمۆنیستی و حیزبیەتدان بە ڕیزی کۆمۆنیزم...هتد ئەمانە لە تایبەتمەندیە هەرە بەرجەستەکانی لینینزمە کە لەم دەورانەدا لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە نوێنەرایەتی کراو خاڵە بەهێزەکانی ئەم حیزبەی پێکهێناوە.

بەڵام لە هەمان کاتدا تەجروبەی پراتیکی 15 ساڵی ڕابردوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق فاسڵەی هەیە لەگەڵ ئەو شێوەکارو سوننەت و تەسویرە سیاسیەی لنینیزم کە بە تایبەتی لە دەورانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لەلایەن لینینەوە بەرجەستەو پیادەکرا و توانی لە ماوەی چەند مانگێکدا حیزبی بەڵشەفی لە حیزبێکی بچوکی ئۆپۆزیسیۆنەوە بگۆڕێ بەڕابەری شۆڕشێکی گەورەو دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت. لنینیزم بە تایبەت لە ساڵانی ئەخیری جەنگی جیهانی یەکەمدا توانی حیزبی بەڵشەفی لەگەڵ گرفت و کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای ڕوسیا هەڵپێکێت و ئەمە بکاتە بنەمای بەهێزبوونی خۆی و ڕەوتی شۆڕش لە ڕوسیادا. بە پێوانەی لنینیزم بە بڕوای من خاڵی هەرە لاوازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەوەیە کە لەوەدا کورتی هێناوە چۆن هەموو کارو هەلسوران و کێشمەکێشەکانی بخاتە خزمەت بە دەست هێنانی توانایی سیاسیەوە (قودرەتی سیاسی)، وە چۆن نابێ یەک ڕۆژو یەک فرسەت لە دەستبدات بۆ خۆبەهێزکردن و توانایی سیاسی پەیداکردن، چۆن نابێت یەک زەڕڕە خۆشباوەڕی بەوە هەبێت کە بۆرژوازی هەر یەکەمین فرسەت پەیدا بکات، هاوڕێیانی لەگەڵ کۆمۆنیزم و هەڵسورانی تەحەمول ناکات. بە کورتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەم 15 ساڵەی ڕابردوودا بووە قوربانی لە بەرچاونەگرتنی ئەو حەقیقەتەی کە ئەگەر لەو فرسەتانەی بۆی دەڕەخسێ سەرنەکەوێ و بورژوازی نەشکێنێ، ئەوە بێشک دەیشکێنن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە پێچەوانەی ئەوەی لینینزم بە دیاریکراوی لە ساڵی 1917 کردی، نەیتوانی هیزی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ پیادەکردنی بەرنامەو سیاسەت و تاکتیکە لینینیەکانی سازبدات. هۆکارەکانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەسویرو سوننەت و شێوەکارە سیاسی و عەمەلیەی کە ئەم حیزبە لە پراتیکی خۆیدا پەیڕەوی لێکردوە. دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو سونەتانەی چەپی تەقلیدی کە لە دوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە دەیان ساڵە باڵی بەسەر گشت بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپدا کێشاوە.

- لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس کۆمەڵێک جوڵانەوەی موتاڵەباتی لە ناو کرێکاران و توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکاندا سەری هەڵدا بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرێت غیاب یان کەم ڕەنگی هەژمونی لینینە، تۆ ڕات چییە لەسەر ئەمە؟ ئەمانە نە وەزعی ئەوانی بەرەو باشتر برد نە لە باری چینایەتیەوە لە هێز هاوسەنگیەکی باشتر بەهرەمەندی کردن!

ڕێبوار ئەحمەد: ئەم پرسیارە زۆر موجەڕەدو گشتییە، ڕاستە سازدان و ڕابەریکردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار مەیدانێکی گرنگی خەباتی کۆمۆنیستی و لینینستییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تایبەتمەندییەکی لینینیزم نییە، ڕەوتە ڕیفۆرمیستیەکانیش لەم مەیدانەدا کەمیان نەکردوە. من دەڵیم بە پێچەوانەوە تایبەتمەندییەکی لینینیزم ئەوەیە کە دژی غەیرە سیاسی کردنەوەی خەباتی ئابوری و غەیرە سیاسی کردنەوەی چینی کرێکارو غەیرە کریکاری کردنی سیاسەت ڕاوەستاو شوێن دەستی لینین لەم مەیدانە بەرجەستەیە. بۆیە ئەوەی باسی دەکەن بە بڕوای من نابێتە بەڵگەیەک بۆ غیابی لینین.

من له پرسیارەکەتاندا ئەوەم بۆ ڕۆشن نیە کە چۆن هەست بە غیاب یان کەم هەژمونی لنین دەکرێت لەو دەورانەی عێراقدا؟ هەڵبەت گومان لەوە نییە کە لە نێو ئەم ڕووداوو دەورانە سەخت و دژوارەی عێراقدا کۆمۆنیزم و خەتی لینین لاواز بوو، خودی هەلومەرجەکە هۆکارێکی گەورەبوو بۆ ئەمە، ئێمە پێشتریش پێشبینی ئەمەمان دەکرد کە ئەگەر شەڕ ڕوویدات، سیناریۆیەکی ڕەش لە عێراق دەخولقێنێت و تواناو ئیرادەی خەڵک تێکدەهاڕێت و ڕەوتێکی ڕووڵەپاش بەسەر کۆمەڵگادا فەرز دەکات. سەرباری ئەمەش لە گشت دنیای ئەمرۆدا چەپ و کۆمۆنیزم جێگاوڕێگایەکی لاوازو لاوەکی هەیە، ئەمە پەیوەندی هەیە بە هەلومەرجێکی جیهیانی و گشت ڕەوتی مێژووی دوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تا ئێستا. بۆیە دەرکێشانی هۆکاری بە جێگایەک نەگەیشتنی بزووتنەوەی موتاڵەباتی کرێکاری، ڕاستەوخۆ لەوەوە کە لنین لەم دەورانەی دوایی عیراقدا غایب بوو، تێگەیشتنێکی دەقیق بەدەستەوە نادات.

بەڵام لەمەش زیاتر دەمەوێ بڵێم ئەم حوکمە نادەقیق و بە تایبەتی زۆر یەکلایەنەیە. بە پێچەوانەوە لەو دەورانەدا سەرباری نقوم بونی عیراق لە گێژاوێکی سیاسی و کۆمەلایەتی یەکجار گەورە، لنینیزم لە ئاستی کۆمەڵگای عێراقدا، سەرباری لاوازیەکەی، بە موبالەغەی نازانم بڵێم لە هەموو خاڵێکی تری جیهان ئامادەترو بەرجەستەتربوو. لە کوێی دنیای ئیستادا هەتا لەو ئاستە ناڕەزایەتبەخشەی عێراقدا، کۆمۆنیستەکانی هاورێبازی لینین ڕێکخراوو بەرچاو ڕۆشن و خاوەن حیزب و خاوەن درکێکی ڕۆشنن لە لینینزم؟ لە کوێی دنیادا لینینستەکانی هاوچەرخ بە ئەندازەی لینینستەکانی عێراق لەگەڵ ڕابەری کردنی خەباتی کرێکاران و ژنان و بێکاران و جەماوەری ئازادیخوازدا سەرقاڵ و لەگەڵ ڕەوتە بورژوازیەکاندا دەستەویەخە بوون؟ لە کوێی دنیای ئێستادا کۆمۆنیستەکانی هاو ڕێبازی لنین بە ئەندازەی ئەوەی لە عێراقدا کراوە خەریکی ناساندن و ئاشناکردنی ڤێرژنێکی لینینستی لە کۆمۆنیزمی مارکس بوون؟ لە کوێی دنیای ئێستادا لینینستەکان وەکو ئەوەی لە عێراقدا دەکرێت خەریکی دانانی مەدرەسەی مارکس و تەرویجی کەپیتاڵ و مارکسیزمن؟ بە بڕوای من بە پێچەوانەوە لەم دەورەیەدا ڕەنگە لە عێراقدا لە چاو هەموو جێگایەکی تری دنیا لنینیزم ئامادەیی زیاتری پەیدا کرد. لە واقعدا هەر لێرەوە دەکرێت سەرباری هەموو کەموکوڕیەکان و هەموو ڕەخنەیەکمان لە تەجروبەی خۆمان لە عێراقدا، نوقتە عەزەمەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ببینرێت. دەقیق لێرەوە دەکریت بایەخی گرنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە هەموو کەموکوڕی و تەجروبە سەرنەکەوتوەکەیەوە درک بکرێت. ئەم حیزبە لە دنیای ئەمرۆدا سەرمایەو خاڵێکی بەهێزی کۆمۆنیزمی لینینەو دەبێ پارێزگاری بکرێت و خاڵە لاوازەکانی پڕبکرێتەوە. ئەوەی ئێستا لینینستەکان لە عێراق هەیانە بە داخەوە ڕەنگە بڵێم جگە لە ئێران لە حالَی حازردا لە هیچ جێگایەکی تری دنیادا نەبێت.

ئەوانەی باسم کرد چەند گۆشەیەکن لە حزوری لینیزم لەم دەورانەی عێراقدا، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە سەرباری ئەوانە هێشتا، لینیزم لە هاوکیشەی سیاسی و توانایی سیاسی عێراقدا زۆر لاواز بوو، هێشتا لەو ئاستەدا نەبوو خۆی بەرێتە نێو هاوکێشەی سیاسەت و قودرەتی سیاسیەوە، هێشتا نەگەیشتە ئەو ئاستەی خۆی لەگەڵ گرفت و کێشە ئەساسیەکانی کۆمەڵگا لێکهەلپێکێت و ببێتە بەدیل و ڕێگاچارە بۆیان. ئەمەش میحوەری نقدێکی لینینیە لە تەجروبەی ئەم حیزبەو تا هەمەلایەنەتر بکرێتەوە، کۆمەک دەکات بە پەرەسەندنو ڕوناکردنەوەی ئاسۆی داهاتووی.

لایەنێکی موهیم تری ئەم مەسەلەیە ڕەنگە بەرئەنجامی تێڕوانینێکی هەڵەو غەیرە مارکسیستی بێت بۆ لنین. گومان لەوە نیە کە لنین وەکو شەخس لە دنیای ئەمرۆدا غائیبە، بەڵام لنینیزم دەکرێت بەردەوام بێت و بەردەوامیشی هەیە. لینینزم بە مانای دوپاتکردنەوەی قسەو تیئوریەکانی لنین نییە، بەڵکو بە مانای بەکاربردن و نوێنەرایەتی کردنی ڕێبازی لنینیزمە لەلایەن کۆمۆنیستەکانی سەردەمەوە لە پەیوەند بە وەزعی ئێستای دنیاوە، بە مانای بەکاربردنی میتۆدی لینینە بۆ وەڵامدانەوە بەو کێشەو مەسەلانەی دنیای ئەمرۆ کە نە کاتی لنین لە ئارادا بونەو نە لنین وەڵامێکی پێداونەتەوە. ئەمە تەنانەت بۆ منسور حکمت کە 70 تا 80 ساڵ پاش لنین ڕابەری کۆمۆنیزمی کردوەو زۆر داهێنانی تازەی بووە بۆسەر کۆمۆنیزمی مارکس و لنین، بە هەمان شێوە دروستە. ئەمرۆ کۆمۆنیزمی منسور حکمت و لنین پێویستی بەوەیە کە لە نیو کۆمۆنیستەکانی جیلی ئەمرۆدا نوێنەرایەتی بکرێت، نەک بە مانای دوپاتکردنەوەی قسەکانی ئەوان. قسەکانی ئەوان تۆمارەو هەیەو لەبەردەستدایە، بەڵام بەبێ بەردەوامی پێدان و نوێنەرایەتی کردنی لەلایەن جیلە زیندوو حەیی و حازرەکانەوە، وەڵامی دنیای دوای خۆیان نادەنەوە. ئەمرۆ دەبێ بەو ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم وەڵامی دنیای ئەمرۆ بدرێتەوە. بەردەوامی ڕێبازی ئەوان لەمەدایە نەک لە دوپاتکردنەوەی قسەکانی ئەوان.

بە بڕوای من ئەوەش لێکدانەوەیەکی دروست نییە کە لە هەر جێگایەک جوڵانەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی مەتاڵەباتی دەسکەوتی بەدەستهێنا یان هاوسەنگی هێزی بە قازانجی چینی کرێکاری گۆڕی، بەڵگەی ئەوەیە کە لنین غائیب نیەو بە پێچەوانەوە مانای ئەوەیە لنین غائیبە. لنین ساڵەها لە مەیدان بوو، بزووتنەوەی موتاڵەباتیش لە نێو کرێکارانی ڕوسیادا بەردەوام بوو، بەبێ ئەوەی

هەمیشە یان هەتا زۆربەی کات، توانیبێتی دەسکەوت یان هاوسەنگی هێزی چینایەتی بگۆڕێت، تەنانەت شۆڕشی 1905 بە حزوری لینینەوە شکستێکی گەورەی بەسەردا سەپێنرا. ڕەنگە لەم بارەیەوە تەنها ماوەی نێوان شوباتی 1917 تا ئۆکتۆبەری 1917 ئەو دەورانە بوو کە وەکو قۆستنەوەی فرسەت و تەجروبەیەکی زۆر گەورە بۆ بەهێزو تواناکردنی حیزب و چینی کرێکار و گۆڕینی بەڕابەری کۆمەڵگاو ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر بەرجەستەیە. لە کاتێکدا لە زۆر جێگای تری دنیادا بزووتنەوەی موتاڵەباتی کرێکاران بە غیابی لینین و لینینیزمیش توانیویەتی دەسکەوتی گەورە بەدەست بهێنێت و هاوسەنگی هێزی چینایەتیش بگۆڕێت. ئەگەر ئەم حەقیقەتە نەبینین ڕەنگە بەرەو ئەوەمان بەرێت کە تەسویرێکی مەزهەبی لە لنین پەیدا بکەین، بڵێین لنین هەبێت هەموو شتێک دەبێت ئەو نەبێت هیچ نابێت، لە هەرکوێ کرێکاران دەسکەوتیان بوو لنین ئامادە بوەو لەهەرکوی دەسکەوتیان نەبوە لنین غائیب بووە. من ئیختلافیکی قوڵم لەگەڵ ئەم تەسویرە هەیە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی دەبێ لنین و غیابی لنین بەم شێوە یەکلایەنەیە بە بزووتنەوەی موتاڵەباتی کرێکاران بپێورێت؟ من ئەوە بەدروست نازانم کە بزووتنەوەی داوای بیمەی بیکاری، یان زیادکردنی کرێ، یان هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت و غاز، بۆ نمونە لە بزووتنەوەی وەستانەوە دژی تیرۆری ژنان و بەرگری لە مەدەنیەت و ئەمنیەتی کۆمەڵگاو گرتنی یەخەی ئاخوندو قەومپەرست و بکوژانی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی، لینینی تربێت، یان لە وەستانەوە بەرامبەر شەڕو لەشکرکێشی و ملهوری نەزمی نوێ لینینی تر بێت، لە وەستانەوە دژی شەرو ئاشوبی قەومی و تائیفی کە هەڕەشە لە هەڵوەشانەوەو نابوتکردنی کۆمەڵگایەک دەکات لینینی تر بێت، بەم پێوانەیە بێت ڕابەرێکی ڕیفۆرمیستی کرێکاری کە کرێکاران ڕاکێش دەکات بۆ دورکەوتنەوە لە سیاسەت و دەخاڵەتی سیاسی، دەبێ لینینی تر بێت لە ڕابەرێکی بزووتنەوەی ژنان کە دەچێتە جەنگی کۆنەپەرستانی ئیسلامی و قەومپەرست. من هەر بەو ڕادەیە دەخاڵەت لە بزووتنەوەی موتاڵەباتی کرێکاری بە لینینی دەزانم کە چونە جەنگی ئیسلامی سیاسی و قەومپەرستی بەوە دەزانم، خەبات بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگا لە سیناریۆی ڕەش بەوە دەزانم و تەنانەت ڕەنگە لە هەلومەرجی تایبەتی ئێستای عێراقدا، دروست لە ڕوانگەی سەربەخۆی چینی کرێکارەوە هەندێک لەو مەیدانانە بخەمە پێش بزووتنەوەی موتاڵەباتی کرێکاریەوە.

- کە ناوی لێنین دەهێنرێت یەکسەر باسی شۆڕش دێتە ئاراوە، بەمانایەک لینین بۆتە عینوانێک بۆ شۆڕش. ئێستا ئەم باسە زۆر کەم دەهێنرێتە ئاراوەو شۆڕش خۆی قوت ناکاتەوە لە باس ومەسائیلە سیاسیەکاندا، ئایا ئەمە نیشانەی غیابی لینین نییە؟ ئایا ئەمە نیشانەی دووری ئەحزابی کۆمۆنیستییە لە لینینەوە؟ یان ئەوە تێزی شۆڕشە کە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە؟

ڕێبوار ئەحمەد: پێشتر ووتم کە من لەگەڵ ئەم جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ لنین ئیختلافم هەیە. واتە لە پەیوەند بە پرسیارەکەی ئێوەوە بۆ نمونە ئەگەر باسی شۆڕش لە ئارادابوو کەواتە لنین ئامادەیە و ئەگەر باسی شۆڕش لە ئارادا نەبوو کەواتە لنین غائیبە. شۆڕش دیاردەو ڕووداویکی واقعی و کۆمەڵایەتیەو وێنەی زەرورەتێکی تاریخی لەسەر پایەو زەمینەی واقعی دێتە پێشەوە، شتێک نییە بە شێوەی ئیختیاری لە زهنی ئەوانەی کە گوایە لینینیستن ڕوبدات و بخولقێ و بخرێتە ناو کۆمەڵگاوە. ئەوەی کە ناوی لنینی لەگەڵ شۆڕشدا لێکهەلپێکاوە زیاتر ئەوەیە کە ئەو بە کردەوە لە فرسەتێکی میژوویدا گەورەترین و عەزیمترین شۆڕشی سەدەی بیستەمی ڕابەری کردووە، نەک ئەوەی کە مقولەی شۆڕش هەمیشە لەسەر زمانی لینین بوبێت. هەروەها لایەنیکی بەرجەستەی لنین ئەوەیە کە خاوەن ئیرادەو جەسارەتێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە بووە و لە جێگای خۆیدا بڕیاری شۆڕشگێڕانەی گەورەو حەساس و سەخت و چارەنوسسازی داوەو پەیگیرانە لەبەرامبەر سەختییەکانی ڕاوەستاوە. لنین گەورەترین دەوری لەوەدا بینیوە کە تیئۆری و پراتیکی شۆڕشگێڕانەی لێکهەلپێکێت، لینین زیاتر لەوەی بە مقولەی شۆڕش مەشهور بێت بە مارکسیستێکی پراتیکی مەشهورە. بە هەرحاڵ ئەمانە هەمووی لە جێگای خۆیدا بۆ لینین مانای بووە نەک مقولاتێکی هەمیشەیی بوبن و بەردەوام تکراری کردبێتنەوە.

بەڵام سەرباری ئەمە جوت کردن و ئاوێزان کردنی ناوی لنین بەم جۆرە لەگەڵ مەقولەی شۆڕش بەگشتی و تەجریدی، ئەو کێشەیە دەهێنێتە ئاراوە کە مفهومی لنین بۆ شۆڕش بشێوێنێ، پرسیار ئەوەیە کام شۆڕش؟ چەسپاندنی مەقولەی تەجریدی شۆڕش و هەموو شۆڕشێک بە ناوی لینینەوە هەڵەو خەتایەکی گەورەیە. بەشێکە لەو بەڵایەی کە لینینیستە درۆینەکان بۆ شێواندنی لینینزم بەسەریان هێناوە. شۆڕشی جۆراوجۆر لە دنیای ئەمرۆدا ناو دەبرێت، لە شۆڕشی دیموکراسیەوە تا شۆڕشی میللی و تەنانەت ئیسلامی....لە کاتێکدا لینین ڕەمزی شۆڕشێکی دیاریکراو جیاواز بوو، ئەویش شۆڕشی سۆسیالیستییە. بەشێک لە ئیختلافی ئێمە لەگەڵ جۆرەکانی تری کۆمۆنیزم هەر ئەوەیە کە سۆزو لایەنگری بۆ هەموو شۆرش و خرۆشان و هەرایەک نیشاندەدەن یان بە جۆرێکی تر ئاڵای سوری سۆسیالیزم وەکو پەرچەمی هەموو هەستان و خرۆشانیکی جەماوەری بەرز دەکەنەوە. کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە تەواوی پێچەوانەی شۆڕشگێڕی لینین ڕەفتار دەکەن و لە ڕاستیدا شۆڕشی لینینستی دەکەن بە قوربانی.

شۆڕشی سۆسیالیستی ڕووداوێک نییە کە هەموو ڕۆژێک ڕوودبدات، سازدانی شۆڕش بە دوپاتکردنەوەی دەستەواژەی شۆڕش لە ناو باس وپلمیکە سیاسیەکان نە شۆڕش نزیک دەکاتەوەو نە دەورێکی هەیە لە خولقاندنی شۆڕشدا. شۆڕشی سۆسیالیستی کە بە بڕوای ئێمە هەموو زەمینەو مەلزوماتە کۆمەلآیەتی و تاریخی و ئابووری و بابەتییەکانی زۆر دەمێکە ئامادەیە، لەسەر ئامادەیی هێزی بەشەری بۆ ئەنجامدانی ڕاوەستاوە، بەبێ ئەم ئامادەییە هیچ کات ڕوو نادات. بۆیە مهمترین عامل لە ئێستادا بۆ سازدانی شۆڕش ئامادەکردن و سازدانی هێزی بەشەرییە. بۆیە هەوڵدان لەم مەیدانە، لەوانە حیزب دروست کردن، هێز کۆکردنەوە لە دەوری کۆمۆنیزم، بەرگری لە کۆمۆنیزم و تەرویجی کۆمۆنیزم، سازدانی جەماوەرو بەگەڕخستنی ئیرادەیان، ڕێکخستنی خەباتیان... بەبروای من هەموو ئەمانە هەوڵی ڕاستەوخۆن بۆ سازدانی شۆڕش، نەک دوپاتکردنەوەی دەستەواژەی شۆڕش.

لایەنێکی تری مامەڵەکردن لەگەڵ مقولەی شۆڕشدا ئەوەیە کە زۆر ئەلگۆی بە ناو کۆمۆنیستی، هەڵسورانی کۆمۆنیستی دەبەستێتەوە بە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەوە، ئەنجامگیری کۆتایش لەم تەسویرە ئەوەیە کە ئەگەر هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە نەبێت، ئیتر کارێک بۆ کۆمۆنیزم نابینێت، بۆیە هەمیشە شۆڕش دەکات بە شیعار و بانگەوازێکی ڕۆژانەو ئیختیاری بۆ ئەوەی بونی خۆی و زەمینەی بونی خۆی نیشانبدات. لە کاتێکدا کۆمۆنیزمی لنین پێی وایە شۆڕش هەمیشەو هەموو ڕۆژو کاتێک لە ئارادا نییە، بە پێی قسەی منسور حکمت شۆڕش ڕووداوێکە لە ناکاو بە پێی زەمینەو زەروریاتێکی دیاریکراو دێتە ئاراوە، بەڵام شۆڕش  لە ئارادا هەبێت یان نا، کۆمۆنیزم دەبێ هەمیشە کاری خۆی بکات، ئەمە فاکتەرێکی زۆر مهمە بۆ هاتنە ناوەوەی لە ناکاوی شۆڕش.

لە بارەی بەشی کۆتایی پرسیارەکەتانەوە منیش پێم وایە لە نێو دەریایەک لە ئەحزابی بە ناو کۆمۆنیستی ئەم 70 تا 80 ساڵەی ڕابردوودا، لنینیزم هیچ جێگایەکی نەبووەو بەم مانایەش ئەو حیزبانە دووریان لەگەڵ لنین و لنینیزم زۆر بووە، تەنانەت لە دژی ناوەڕۆکی لینینیزم کاریان کردووەو دەکرێ بڵێم زۆربەیان دژی لینینستی بوون. بەڵگەکانی ئەم حوکمەش زۆرن، بەڵام بەڵگەی زەقیان ئەوە نیە کە لە پلمیکەکانیاندا باسی شۆڕش ناکەن. بەشێکی زۆر لەو حیزبانەی کە زۆر باسی شۆڕش و شۆرشگێڕیان لە شیعارو پلیمیکەکانیاندا کردوە، لەوانەن کە دوریان لە لنینیزمەوە زۆرترە.

بەڵام ئایا تێزی شۆڕش پێویستی بە پێداچونەوە هەیە؟ پرسیار ئەوەیە کە مەبەست لە کام جۆر پێداچونەوەیە، ئەگەر مەبەست لەو پێداچونەوانەیە کە بە تایبەتی لە دوای شکستی بلۆکی شەرقەوە سەریهەڵدا بۆ ڕەتکردنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بە بێ شۆڕش و گوایە ئیتر سەردەمی توندوتیژی و خوێن ڕشتن نەماوەو دەکرێ لەڕێگای دەنگدان و دیموکراسییەوە ئاڵوگۆڕەکان ڕووبدەن و کێشەکان چارەسەربن و دەسەڵات ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، ئەوە کارەساتە گەورەو تراژیدیا ئینسانیەکانی ئەم 15 تا 20 ساڵەی دوای ئەو ڕووداوو هەراوهوریایانە سەلماندیان کە ئەو بەربەریەت و توندوتیژی و خوێنڕێژیەی لەم سەردەمەدا لە سایەی باڵادەستی دیموکراسی غەربی بەسەر دنیادا هێنرا، توندوتیژیەکانی گەورەترین شۆڕشی سۆسیالیستی سەدەی بیستەم بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوازی لە یەک لەسەر سێی گۆی زەویدا، لە چاویدا  دڵۆپێک بوو لە دەریایەک. بۆیە دروست دنیای سەرمایەداری بەبێ هەڕەشەی شۆڕش و سۆسیالیزم یان بەو ڕادەیەی ئەو هەڕەشەیی لێ دورکەوێتەوە، لە بەربەریەتی سەدەکانی ناوەڕاست نزیک دەبێتەوەو توندو تیژی بەوپەڕی خۆی دەگەیەنێ و ڕوباری خوێن بەڕێدەخات.

بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە "تێزی شۆڕش" هیچ پێداچونەوەو هەڵسەنگاندن و ئاڵوگۆڕپێدان و گەشەسەندنێک هەڵناگرێت؟ بە تایبەتی کە دنیای ئێستاو دنیای بۆ نمونە سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەک هەیە، توانایەک کە ئەمڕۆ بورژوازی و نیزامی سەرمایەداری لە ڕووی جەنگی و ئیعلامی و دام و دەزگای سەرکوت و فریودان و جەنگی فکریەوە پەیدای کردووە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بەراوردکردن نایەت. لەم بارەیەوە ئەوە باسێکی مهمە کە لە نێو ئەم ئەوزاعەدا ئەو شۆڕشەی کە جێگا مەبەستی لینین بوو دەبێ چۆن سازبدرێت و چۆنیەتی سازدانەکەی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو سەردەمەدا. هێزە بەشەریەکەی کامەیە و جیاوازی لەگەڵ سەردەمی لینین چییەو لە چ جێگاوڕێگایەک بەهرەمەندە؟ تاکتیکەکانی کامانەن؟ شێوە عەمەلیەکانی چین؟  پێکهاتە حیزبی و ئامرازەکانی چ جۆریکن و چ فەرقێکیان لەگەڵ ڕابردوودا هەیە؟ مەلزوماتەکانی ئێستای شۆڕش چین و چ جیاوازیەکیان لەگەڵ ڕابردوو هەیە؟ ....هتد ، هەموو ئەمانە دەکرێت جێگای باس و لێکدانەوە و پێداچونەوە بێت.

- دووا ووتەو پەیامت چییە بەم بۆنەیەوە؟

ڕێبوار ئەحمەد: دوا ووتەم ئەوەیە کە نابێ ڕێگابدرێت تەسویرێکی مەزهەبی لە لنین بەدەستەوە بدرێت، گرنگی لنین لەوەدا نییە کە هەرگیز بە هەڵەدا نەچوبێ، هەتا لە پێشدا لە بەهێزی و قوڵی تیئوریەکانیدا نییە، لەوەدا نییە کە هیچ ڕەخنەیەک هەڵناگرێ، تەنانەت لە ڕوووی شۆڕشگێڕێتیەوە لنین شۆڕشێکی ڕابەری کرد کە بە سەرکەوتنی یەکجاری نەگەیشت و شکستی خوارد، بەڵام لنین

وەکو پراتیسیۆنێکی یەکجار بەرجەستی مارکسیسست، لە تاریخی بەشەریدا ئەو ڕاستیەی سەلماند کە ئەگەر بەشەر ئیرادە بکات دەتوانێ چارەنوسی خۆی بەدەستەوە بگرێت، دەتوانێ چارەنوسی خۆی بنەخشێنێ. سەلماندی کە چارەنوس شتێکی نوسراو بڕاوەو بڕیار لەسەردراو نییەو دەکرێت بنوسرێت. لینین بە تەجروبەیەکی گەورە سەلماندنی کە چەوساوەکان ئەگەر یەکبگرن لە دەوری ئاڵاو بەرنامەو ڕیزی سەربەخۆی حیزبیان ڕێکخراوبن و ئیرادە بکەن، دەتوانن قەڵای دەسەڵاتی چەوسێنەران بڕوخێنن، دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، دەتوانن ئیدارەی سیاسی کۆمەڵگا بگرنە دەست، تەنانەت دەتوانن بەرامبەر بە هەڕەشەو پەلاماری دەوڵەتانی زلهێزی سەرمایەداری و سوپاو پیلانەکانیان، بەرگری لە دەسەڵاتی خۆیان بکەن. دەتوانن حکومەتی خۆیان دامەزرێنن، لینین سەلماندنی هەموو ئەمانە کاری مومکین و عەمەلین و خەیاڵ نین. شۆرشی ئۆکتۆبەر بەڕابەری لنین هەموو ئەو دەوران و قۆناغانەی تێپەڕاند. هەمووی بە کردەوە سەلماند، هەرچەند لە جێگایەکی تردا بەرامبەر بە مەسەلەیەکی تر شکستی خوارد، بەڵام ئەوە دەرس و تەجروبەیەکی زۆر گرنگ بوو کە هەموو ئەو حەقیقەتە عەزیمانەی بە کردەوە سەلماند. تەجروبەی لنین بەڵگەی ئەوەیە کە ئەگەر چەند جاریش کرێکاران و چەوساوەکان لەم هەوڵەیاندا شکست بخۆن یان بە سەرکەوتن نەگەن، بەڵام ئیمکانی سەرکەوتن لەبەردەمیدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە. ئەمە دەتوانێ دەرسێکی گەورە بێت بۆ کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکانی ئەمرۆ.